بەڕێزان : خەونێکی گەورە بوو بۆ هەموو تاکێکی کوردی و هەموو ئینسانێکی ئازادیخواز ، کە ئەمرۆ سەدام حسێن و داروودەستەکەی لە بەرانبەر دادگا ڕاگیراون بە تۆمەتی ئەنفال و کیمیا بارانکردنی کورد .
چەند دانیشتنێک لەو دادگاییکردنە بەڕێوەچووە ، گەشبینی دوێنێی شەقامی کوردی بە ڕەهەندی دادگاییکردنەکە ڕوو لەکزییە . هەست دەکرێ هۆلی دادگا بۆتە یەکلایکردنەوەی کێشە سیاسییەکان نەک وەرگرتنی مافی قوربانی لە جەلاد ، ئەمانەو کۆمەڵێ سەرنجی تر ئەمرۆ بوونەتە باسو خواسێکی هەنووکەیی شەقامی کوردی ، بۆ یە ئێمەش وەک دەنگەکان بە پێویستمان زانی بەم چەند پرسیارەی لای خوارەوە لە دەرگایی کۆمەڵێ لە ڕۆشنبیران و نووسەرانمان بدەین .

دەستەی بەڕێوەبردنی دەنگەکان
September 06
www.dengekan.com

**داراعەزیز فەرەج(دارا ی مەحامی)**
dara8ca@yahoo.com

**1- دادگای باڵای تاوانەکانی عێراق تا چەندگونجاو و پسپۆرە بۆ دادگاییکردنی تاوانبارانی ئەنفال و کۆکوژی کورد ؟**

سەرەتا سوپاس و پێزانینی زۆرم بۆ سایتی سەنگینی دەنگەکان. بابەتی پسپۆڕی و شیاوی ( دادگای باڵای تاوانەکانی عێراق ) لە ساتی دامەزراندنییەوە جێگای مشتومڕ و داکۆکی و بەرهەڵست بووە، لە سۆنگەو گۆشەنیگای جیاجیاوە.
بابەتەکانی وەک دەسەڵاتی دامەزرێنەری دادگاکە،سروشتی ئەو تاوانانەی تاووتوێیان دەکات، کارامەیی و پسپۆڕی دادوەرەکان، پێشینەی دادوەری لەو چەشنە لە مێژووی دادوەری عێراقدا، بوونی یاسا و دەقە یاسا تایبەتەکان بەو تاوانانە؛ خاڵە سەرەکییەکانی جێ سەرنج و رامانی سیاسیی و ڕۆشنبیر و یاسا ناسەکانن. لەمبارەیەوە من دەمەوێت بە چەند خاڵێک لەسەر نەشیاوی ئەم دادگایە ئاماژە بکەم:
دادگاکە ناوی ( دادگای باڵای تاوانەکانی عێراق )ە، واتە لەو تاوانانە ئەپێچێتەوە کە لە عێراقدا ڕوویانداوە. ووردتریش لە ماوەی دەسەڵاتی پارتی بەعس ( تەموزی 1968 – ئایاری 2003 )، لەوەی پێشەوە دەکرێت سەرنجی چەند خاڵێک بدەین:
ئەلف :ئەوەی سەرەکییە و دادگاکەی بۆ دامەزرێنراوە؛ سەدام حسەین و دارو دەستەکەیەتی، واتە ئەو تاوانانەی لە ماوەی دەسەڵاتی ئەواندا ڕوویانداوە، ئەمەش دەکاتە ئەوەی کە ئەنفال سەرەکیی نییە لەم دادگایەدا و تەنها یەکێکە لەو تاوانانەی کە دادگاکە لێیدەپێچیتەوە،کە دەبا دادگاکە ناوی دادگای جینۆسایدی گەلی کورد یاخود دادگای ئەنفال بایە . بەمەش ئەنفال بەشێک لەو گرنگی پێدانەی بە نسیب دەبوو کە دەبا هەیبا. سەیرکردنی ئەنفال وەک هەریەکێک لەو تاوانانەی کە سەددام ئەنجامیداوە، جۆرێک لە کەمکردنەوەی تێدایەو ئەنفال و کێشەی کوردیش وەک کێشەی عێراقی و دیکتاتۆریەت دەناسێنێت نەک تاوانێکی گەورەی جینۆساید بۆ نەهێشتنی گەلێک و بەشێک

لەو پرۆژە کورد قڕکردنەی کە لە دامەزراندنی دەوڵەتە نەتەوەییەکانی ناوچەکەوە دەستیپێکردووە .
واتە ئەوەی ئەسڵە لەم دادگایەدا سەدامە نەک ئەنفال.
من پێم وایە ئەم تاوانانە زۆر مەبەستگەرایانەیەو هەوڵدانێکە بۆ بە عێراقی زانینی کوردو کەمکردنەوەی شانسی وەچنگ کەوتنی ڕەوایەتییە بۆ دەوڵەتی سەربەخۆی کوردستان . ڕاستە سەددام بکوژی زۆرێک لە گەلانی عێراقە، بەڵام هەریەک لەو کوشتارو شەڕانە مەبەست و نییەتی تایبەتی خۆیی لەپشتەوەیە و هەریەکیش پێناسەو تەکیفی یاسایی جیای خۆیان هەیە. هەروەک چۆن بۆ هەریەکەیان سیاسەت و بەرنامە و پرۆژەی جیا هەبووە. بۆ نموونە کوشتنی خەڵکی دوجەیل، کێشەی دەسەڵاتە بۆ سەددام بەڵام ئەنفال و کورد کوژی بۆ دیهاتنی خەونی دامەزراندنی دەوڵەتی نەتەوەیی یەک ڕەگەزی بووە. شیاو نییە ئەم دوو تاوانە یەک دادگا تێیانبنۆڕێت.
ب/ سیستەمی دادوەری عێراقی؛ وەک وڵاتێکی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، مەکۆی چەندین کێشەو ململانێ، نەبوونی سەقامگیری سیاسیی و دەسەڵاتێکی هەڵبژێردراو هەرگیز سەربەخۆ نەبووە، بەردەوام لەخزمەتی دەسەڵاتی باودا بووە و ڕەوایەتی پێداوە. دەسەڵاتی دادوەری، دەسەڵاتێکی جیا لە دەسەڵاتی جێبەجێکردن و یاسادانان نەبووە، ئەوەی پێی دەڵێن جیایی دەسەڵاتەکان لە عێراقدا لە قسە زیاتر نەبووە. وەک دەزانن عێراق وڵاتی کودەتا سەربازییەکان و بڕیارەکانی ئەنجومانی سەرکردایەتی شۆڕشە. دادوەر و داواکارە گشتییەکان و تێکڕایی کارمەندانی پایەبەرزی دەسەڵاتی دادوەری بە مەرج و دیاریکردنی دەسەڵاتی جێبەجێکردن دامەزراون و کاریان کردووە، ئەمە لەلایەک و لەلایەکی تریشەوە لە مێژووی دادوەری عێراقدا پێشینەیەکی لەو جۆرەمان نییە، واتە لێپێچینەوە لە تاوانەکانی جینۆساید . هەربۆیەش دەق و تێکستی یاسایی بۆ چارەسەرکردنی ئاوا کێشەیەک نابینین لە یاسای سزاکانی عێراقدا. ئەوەی لە مێژووی عێراقدا بە لێشاوە دادگا تایبەتەکانە، کە دەسەڵات بۆ لە ناو بردنو تۆقاندنی نەیارانی خۆی بەکاری دەهێنان. ئەم دادگایەش زۆرتر نزیکە بە سوننەتی ئەو دادگا تایبەتانە نەک بە دادگای نێودەوڵەتی و تاوانی دژی مرۆڤایەتی و جینۆساید.
بۆیە بۆ خۆ جیاکردنەوە لەو مێژوو و دیرۆکەی باسمکردو دروستکردنی دابڕانێک لەگەڵی، باشتر وابوو دادگایەکی نێودەوڵەتی بۆ ئەنفال یان تایبەت بەو تاوانانەی بەرامبەر بە گەلی کورد کراون پێکهاتبا، کە دادوەری شارەزاتر و پێشینەی دادوەری زۆر دەوڵەمەندتری لەپشتەوە دەبوو، پاشانیش زۆرتر دەستەبەری بێ لایەنی و جێهێنانی دادوەری دەکرد. نزیکایەتیەکی تری ئەم دادگایە لەگەڵ دادگاتایبەتەکانی عێراق ئامانجەکەیەتی کە تۆڵەسەندنەوەیە، لەبری جێهێنانی دادوەری. لە ئاوا ئەتمۆسفێرێکدا کە زۆربەی دادوەرانی عێراق بۆ ماوەیەکی زۆر لەسەر پەیڕۆڵی پارتی بەعس بوون و درووستکراوی ئەو بوون، ئومێدی دەستێوەرنەدان و سەربەخۆیی کزترین ئومێدە.
ج/ لۆکاڵ بوونی دادگاکە بەجۆرێک لە جۆرەکان مەحکومی دەکات بە گەڕانەوە سەرپێشینە دادوەرییە لۆکاڵەکان و دەستبەسترانەوە بە یاسا و دەقە لۆکاڵەکانەوە، بگرە ئاوێزان بوون لەگەڵ کێشەو ململانێ ناوخۆییەکان بە ڕادەیەک کە دەبینین دادوەر، داواکاری گشتی، شکاتکەر، شایەد و تۆمەتبار هەریەکەیان شەڕی یەکێک لە پێکهاتە سیاسییەکانی کۆمەڵگای عێراق دەکەن، کە بە دڵنیاییەوە ئەم دیمەنە لە دادگایەکی نێودەوڵەتیدا شێوەیەکیتری وەردەگرت. لەمەش گرنگتر ئەنفال بە هیچ پێودانگێکی ڕۆژ تاوانێکی ناوخۆیی نییە. هەر دوای گۆڕانی دیمەنی هاوکێشەو پەیوەندیە سیاسییەکانی شەڕی سارد پرەنسیپی ( مافەکانی مرۆڤ کێشەی ناوخۆیی نییە ) گەشەو دەرکەوتنێکی کەم وێنەی کرد. لەسەردەمی شەڕی ساردا سەرکوت و ژێر پێخستنی مافی مرۆڤ لە

سنووری وڵاتاندا بە کاروباری ناوخۆ ناوزەد دەکرا،بۆنەشڵەقاندنی پێکەوە ژیانی ئاشتییانە، وڵاتان و ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکان لەوانەش نەتەوەیەکگرتووەکان گوێیان لە بیستنی هاوارو نزای گەلان و زوڵم لێکراوان دەخەواند. دوای ئەو ماوەیە ئیتر ئینترڤێنژنیزم بۆ داکۆکی لە مافی مرۆڤ جۆرێک لە ڕەوایەتی وەرگرت کە دەکرێت بە جەختکردنە سەر ئەم پرەنسیپە و بە پێی ئەوەی ئەنفال ژێر پێنانی یاسا نێو دەوڵەتییەکانە، لە دادگایاکی نێو دەوڵەتی و بە پێی یاسای نێو دەوڵەتی چارەسەر بکرێت.

د/ تەسککردنەوەی بازنەی تاوانباری لە کەسی سەدام و چەندێک لە پێوەندەکانیدا، نیشاندەری ئەو بینینەیە کە دەسەڵاتی دروستکەری دادگاکە هەیەتی لەسەر ئەنفال و مەینەتییەکانی کورد . کورتکردنەوەی تێرمی تاوانباری بۆ سەر سەدام و هەندێک لە سەرانی بەعس، یان نیشاندانی ئەنفال وەک ئەتواری دیکتاتۆرێک،ڕێک هەوڵدانی ئەو دادگاو دەسەڵاتی پشت ئەودادگایەیە بۆ فریاکەوتنی بیری شۆڤێنیزمی عەرەب و بەعسیزم لە تاوانبار بوون. وەک زانراوە دادگایی سەرانی نازی دوای شەڕی جیهانی دووەم لەخۆیدا دادگایی بیری فاشیزم و نازیزم بوو، چونکە دادگا سەیری ئەو تاوانبارانەی وەک خەڵکی دابڕاوو سەڵت و قوڵت نە ئەکرد لە بیری فاشیزم و نازیزم. بەڵام ئەمڕۆ لەو دادگاییەدا بە ئاشکرا بیری داکۆکیکەر لە شۆڤێنیزمی دژە کورددا ئامادەیە چ لەلایەنی دادگاو چ لەلایەن تۆمەتباران و داکۆکیکەرانیان. دادگاکە ئەیەوێت هەرچی زووە پەلەپڕوزێ بکات و لە 16 ئۆکتۆبەری داهاتوودا بڕیاری کێشەی دوجەیل دەربکات تا جەستەی بیری شۆڤێنیزم و ناسیۆناڵیزمی عەرەب لە چونە ژێر پرسیارەوە بپارێزێت. دەبێ هەڵسوڕاوانی دژی جینۆساید وریابن بۆ ئەوەی هەمو تاوانباران و لە سەر هەریەک لە تاوانەکانیان دادگایی بکرێن، چونکە ئەوەی بۆ کورد گرنگە تەکیفی یاسایی ئەم تاوانانەیە نەک ئەوەی سەدام سزاکەی چی ئەبێت، چونکە سەدام تەنها تاوانبار نییە.

**2-پرۆسەی دادگاییەکە چۆن دەگوزەرێ و تا چەند تەبایە لەگەڵ خواستی جەماوەری کوردستان و سکاڵای زیان لێکەوتووان.**

**وەڵام** : پیشتریش وتم دادگاییەکە بۆتە پۆدیۆمی ململانێ سیاسییەکانی عێراق و ئەو هێزانەش ڕێڕەوی دادگاییەکە دیاری دەکەن. دانان و لابردنی دادوەرەکان و هەموو هێنان و بردنێک لە دوایین ئەنجامدا بە خواست و ویستی ئەو هێزانەیە. شیعەکان بەوەی بەشی شێریان لە شانۆی سیاسیی عێراقدا هەیە دەبینیت کارەساتی دوجەیل پێشدەخەن و دەشیانەوێت بەزوویی و کورتی سزای لەناوبردنی سەدام بکەنە کۆتایی ئەم سیناریۆیە کە درێژەکێشانی لە قازانجیاندا نییە بەوەی ئەگەری ژێر گیر و گاز هێنانی ناسیۆناڵ – ش

ۆڤێنیزمی عەرەب زیاد دەکات، بۆیە العامری هەرلەئێستاوە بە تاکی خۆیی بڕیاری جینۆساید نەبوونی ئەنفال دەدات و ئەیانەوێت جۆگەلەی دادگاییەکە بەو ئاڕاستەیەدا بڕوات. ئەمریکاش ئەیەوێت ئەم ماوەیە تیژ تێپەڕێنێت تا سیمای ئەو وڵات و لایەنانەی دەستگیرۆیی سەددامیانکردووە لە دەستگەیشتنی بە چەکی کۆکوژی دەرنەکەون.

لەلایەکیتریشەوە جۆرێک شپرزەیی، خۆکۆنەکردنەوە و نائامادەیی لە ئاستی کێشەکە بە شکاتکەر، دەستەی داکۆکی لە شکاتکەر و شایەدەکانی تۆمەتبارکردن هەیە، ئەگەرچی کێشەی ئەنفال کێشەیەکی زۆر حەقانییەو چەندین کتێب و دۆکیومێنت و نووسراوی لەسەر هەیە، لە ناو

پارێزەرانیشدا کەسانی بە ئەزموون و شارەزا هەیە و ماوەیەکی زۆرباشی خۆ ئامادەکردنیان هەبووە. دەبا دەستەی داکۆکیکەرانی شکاتکاران بیانزانیبا کە ئەنفال کێشەی دوجەیل نییە و زۆرتر ئامادەی شەڕی دەستەی بەرگری لە تۆمتباران بانا. ئەوماوە درێژەی کە لێکۆڵینەوە خایاندویتی تا دادگاییکردنەکە جۆرێک بە خراپ کەوتووتەوە کە زۆربەی شایەدەکان شایەدیدانی کاتی لێکۆڵینەوەیان بیر چۆتەوە بەهۆی درێژی ماوەکە و تەمەن و پلەی کۆمەڵایەتی شاهیدەکان. دەبا وەک بیرهێنانەوەیەک بەشە جومگەییەکانی شایەدییەکانیان بیرخستباناوە بە تایبەتی دوای یەکەم دانیشتن کە ئاشکرا بو سەدام و پارێزەرانی بە دوای چییەوەن.
دادگاکە بەهۆی جڵەوشلکردنی دادوەری سەرەکی بە تایبەتی ئەلعامری بۆ تۆمەتباران و پارێزەرەکانیان توانیویانە دادگا قۆرخ بکەن بۆ بڵاوکردنەوەی وتارە سیاسییەکانیان و ترساندنی شایەدەکان . ئەوەشمان بیر نەچێت کە خودی کەسێتی مەرگدۆستی سەددام جۆرێک لە هەیبەتی تۆقێنەرانەی بۆ دروستکردووە کە ئاسان نییە شایەدیدان و ڕووبەڕووبوونەوە بەوگیانە بریندارو مارانگەستەوە کە شایەدەکان هەیانە. هەندێ جاریش ئەم ترساندن و شکاندنە لەلایەن دادوەری سەرەکییەوە ئەنجام دەدرێت.
 گەڕخواردنی دادگاییەکە بەمشێوە، جۆرێک لە دڵساردی لەلای زیان لێکەوتوان و تێکڕای جەماوەری کوردستان دروستکردووە. دەشێت یەکێک لەسەرچاوەکەی ئەو بڕوا بەهێزەی تاکی کورد بێت بە حەقانیەتی ئەنفال و تاوانباری بەعس . تاکی کورد وڕ دەبێت کاتێک دەبینێت لەگەڵ ئەو هەمو زوڵم و زۆردارییەی لێیچووە، ئەو هەموو بەڵگە ماددی و زیندووانەی لە سەر تاوانەکە هەیەتی ڕووبەڕووی ئەو لەشکرە لە داکۆکیکردن ئەبێتەوە لە سەدام و بەعس و ئەنفالکردنی کورد. سەرەڕای داکۆکی لێکردنیان لەلایەن سەرۆکی دادگایشەوە.
ئەم وێنەیە دەمانباتە سەر جیاوازی دادگای سەرانی نازی و سەرانی بەعس، سەرانی نازی کاتێک دادگاییکران بیری  فاشیزم و نازیزم لە بەرامبەر دیموکراتخوازی ڕوخا بوو، واتە ڕوخانی نازیزم هەر ڕوخانی سەربازی نە بوو، بەڵکو ڕمانی ئایدیۆلۆژی نازیزمیش بوو. بەڵام بەعسیزم و بیری شۆڤێنیزمی عەرەب تەنها وەک دامودەزگای دەوڵەت ڕوخاوە، دەنا ئایدیۆلۆژیایی شۆڤێنیزمی عەرەب هەناسەی خۆڕێکخستنەوە دەدات  و سەرکردەو لەشکری نوێ بنیات دەنێت. بەشی زۆری ئەو بزووتنەوەو گروپانەی کە هەڵپەی داگیرکردنی نەخشەی سیاسیی عێراق و ناوچەکە دەکەن بزووتنەوەی ڕەشتر، فەندەمێنتاڵتر، پەڕگیرتر و نزیکترن لە گیانی شۆڤێنیزمی عەرەب و بەعسیزم، مێشکیان پڕ ترە لە پرۆژەی کورد لە ناوبردن. بیریان پڕ ڕقتر و دەمەزەردترە بە بەعسیزم و شۆڤێنیزمی عەرەبی و ئیسلامی میلتانتی سیاسیی. بۆیە ئەم دادگایە گەر فشاری سەرنەخرێت و دۆزی ئەنفالیش پشتیوانی جیهانی بۆ فەراهەم نەکرێت ڕەنگە لە باشترین حاڵەتدا ئەم دادگایە بە سزادانی کەسی سەدام و چەند پێوەندێکی کۆتایی پێبێنن نەک بە جینۆساید ناسینی ئەنفال و ژێرپرسیار بردنی بیری شۆڤێنیزمی دژی کورد.

**پ3 : ڕەخنەو سەرنجەکانی شەقام و ڕەوەندی کوردی چۆن دەبینن ؟ ئەتوانن چی بگۆڕن لە ڕەهەندی دادگاییەکە ؟**

**وەڵام** :ڕەخنە و سەرنجی شەقام و ڕەوەندی کوردی نیشاندەری ئەو گرنگی و پێگە ستراتیژەیە کە جینۆسایدی کوردو ئەنفال هەیەتی لە ڕووبەری گرنگیدانی تاک و کۆمەڵی کوردەواری، نیشانەی

ترپەی دڵ و دەرکەوتی دەموچاوی تاکی کوردە لەگەڵ چەرخانی سات بە ساتی ئەم دادگاییە تا بزانن سەرئەنجام بە کوێ دەگات. جەماوەری کوردستان ئەنفال بە بواری یەکلابوونەوەی پرسەکەی و گەشتن بە دادوەری دەزانێت، بۆیە بە پەرۆشەوە لە دوویەتی. هەندێک لەو سەرنج و ڕەخنانەی لە ئارادان ڕەنگ نییە لەگەڵ پێودانگ و پێوەرەکانی سەربەخۆیی دادگا و مافی مرۆڤدا یەکبگرنەوە، بەڵام هەمیشە لەگەڵ خەمخۆری و پەرۆشبوون و دەربەستبوون بۆ ئەنجامی دادگاکە تەبان. ئەو کێشەی کە پێشتر لەسەر جیاوازی نێوان شایەدی شایەدەکان لە قۆناغی لێکۆڵینەوەو دادگاییدا باسمکرد وایکردووە کە هەندێک کەس و ڕێکخراو زویربن و داوای ئەوە بکەن کەپێشتر شایەدەکان ڕابهێنرێن، کە ئەمە جیاوازە لە پێشنیارەکەی من بۆ پیدا چوونەوە بە مەحزەری شایەدییەکاندا، چونکە ڕاهێنانی شایەد واتە تەڵقینکردن بەوەی کە چی بڵێت نەک ئەوەی کە چی دیوە، ئەوەش شایەد لە جێ متمانەیی دەباتەدەر.

دواتر زۆرکەس داوای شایەدی خوێنەوار، قسەزان و سیاسیی و مێژوونووس دەکەن، ئەمە لە کاتێکدایە کە ئەنفال دژی ناوچەی گوندنشینی کوردەواری بووە، زۆربەی کوردانی ئەو ناوچانە بەهۆی سیاسەتی هەژارکردنی دژی کوردەوە نەخوێندەوارن و هەر هەموو کۆمەڵگای کوردستان جۆرێک لە سیاسەتی دابڕین لە جیهانی دژ دەکرێ. زۆرکەسی کورد هەیە بۆ دیاریکردن و تۆمارکردنی ڕووداوەکانی ژیانی ڕۆژانەی ئەوەندەی کاڵندەری زوڵم و زۆرداری داگیرکەرانی کوردستان بەکار دەهێنێت، ئەوەندە کاڵندەری میلادی و هیجری و شەمسی بەکار نەهێناوە. وەک ئەوەی چەند جار لە کەسانی بەساڵاچووی خۆمانمان پرسیوە بۆ بەروارێک. لە جیاتی دەربڕینە تەقویمییەکەی وتویانە مانگێک دوای ئەوەی زەعیم سدیق سلێمانی سوتاند، یان ساڵی بۆمبارانی قەڵەدزەو تاد ... . زۆربەی ئەوکەسانە، کەسی بەشمەینەت و ئازارزەدەن لە بری ژماردنی مانگ و ساڵ و ڕۆژ هەر فریای ژماردنی کۆست و شەڕ و ئەنفال و ماڵوێرانی کەوتوون. هەربۆیەش سەیر نییە شایەد و شکاتکەرەکان لە کاڵندەرە ستانداردەکانی دادگا نەزانن.

سەرنجێکیتر کە بەشێک لە هەڵسوڕاوان پێوەی خەریکن هەوڵە بۆ ناردنی ئەو تاوانبارە کوردانەی بەشداری ئەنفال بوون بۆ بەردەم هەمان دادگا. ئەم سەرنجە تا بەدادگایی تاوانباران و قاودانیان دەگەڕێتەوە وەک پرسێکی ناوخۆی کوردستان گرنگی و پاساوی خۆی هەیە، بەڵام تێکەڵکردنی ئەم بابەتە وەک ئەوەی سەددامیش خوازیاریەتی بەوەی وا نیشانبدات کە شەڕی کوردی نەکردووە، بەڵکو بەشێک لە گەلی کورد لە سەنگەری ئەمدا بوون لە دژی یاخیبووان، جۆرێک ترسناکی هەیە. ئەم خاڵە ئەبێت وەستایانە مامەڵەی لەگەڵدا بکرێت دەنا بە پێچەوانەی خواستی کوردەوە کار لەسەر تەکیفی جینۆسایدیی ئەنفال دەکات. دەزانن کە سەددام و داکۆکیکەرانی چەند لێبڕاوانە هەوڵی تەکیفی ئەم تاوانە دەدەن وەک بەشێک لەشەڕی ئێران و عێراق. بەم بینینە ئەگەر تاوانێکیش ڕووی دابێت، ئەوا تاوانی شەڕە نەک جینۆساید، واتە زیادەڕەوی لە بەکارهێنانی هێزدا کراوە . بەرەیەک کە بەرەی گەلی عێراقە بە عەرەب و کوردەوە جەنگاوە دژی بەرەیەکیتر کە ئێران و بەکرێگیراوەکانیەتی. ئەمە لە کاتێکدا کە جینۆسایدی گەلی کورد لە دامەزراندنی دەوڵەتە نەتەوەییەکانی ناوچەکە دەستپێدەکات و تا ئێستا درێژەی هەیە کە ئەنفال و هەڵەبجە تەنها دوو خاڵی پڕکارەساتی ئەوجینۆسایدەی گەلی کوردن .ئۆپەراسیۆنەکانی ئەنفال هاوکاتیی لەگەڵ شەڕی عێراق و ئێراندا هەیە نەک هەمان شتی، چونکە هەڵمەتی هەشتەمی ئەنفال 5 ڕۆژ دوای وەستانی شەڕی عێراق و ئێران دەستیپێکرد، گەر ئەنفال بەشێک بووایە لە شەڕی ئێران و عیراق بۆ لە هیچ

بەڵگەیەکدا ئەمە وەک شکاندنی ئاگربەستەکە نەهاتە ژماردن.  وەک پێشتر گوتم ڕژێم دەرفەتی شەڕی ئێران و عێراقی بۆ قەلاچۆی کورد بەکارهێنا،چونکە ڕەگی هەستاوی لاملی ناسیۆنالیزمی عەرەبی بۆ پشتگیری پرۆژەکەی هەم لە عێراق و هەم لە جیهانی عەرەبدا دەبینی  و زێرینترین کاتیش بوو چاوبەستی وڵاتانی ڕۆژئاوا. بەشداریکردنی کورد لەئەنفالدا،بەشداریکردنێکی جێبەجێکەرانەیە نەک نەخشێنەرانە، ئامادەبوونێکی سوارەی حەمیدیانەیە زۆرتر.  شەقامو رەوەندی کوردی دەتوانێت کارێکی زۆر باش لەسەر پەیدا کردنی ئەتمۆسفێرێکی جیهانی پڕ ڕەوایەتی بکات بۆ کێشەکەی هەمان کات دەتوانێت چاودێرێکی باشیش بێت لەسەر کاری دادگاکەو هەوڵدات بۆسەربەخۆو بەداد ڕاگرتنی.

**پ4 : بۆچی جۆنیەتی بڕیاردانی ئەنفال وەک کردەی جینۆساید بۆ کورد گرنگە؟**

**وەلام** : چارەسەر کردنی ئەنفال وەک بەشێک لە جینۆسایدی گەلی کورد گرنگیەکی زۆری هەیە چونکە:

1. تاوانەکە تاوانێکی سیستماتیکو پلان بۆ داڕێژراوە ئامانجی لەناوبردنی گشتی یان بەشیی گەلی کوردە بەمەبەستی دامەزراندی عێراقێکی عەرەبی یەک ڕەگەز، کە ئەمە پڕاوپڕ لەگەل پێناسەی پەیماننامەی جنێفی تایبەت بە جینۆساید دێتەوە. زۆربەی هەرە زۆری قوربانیانی ئەنفال کەسانی لاشەڕ، ژن، منال، پیرو خەڵکی سڤیل بوون، لەکاتی گوزارانی ژیانی ئاساییان گیراون و کوژراون. جینۆسایدیش تاکە تەکیفی یاسایی گونجاوە بۆ کردەی ئەنفال.
2. چارەسەری ئەنفال وەک جینۆساید چ لە ئاستی جیهانیی و چ عێراقی جۆرێک ڕەوایەتی و ماف دەداتە دەست گەلی کورد بۆ برڕیاردان لە سەر چارەنوسی خۆی. بەجینۆساید ناساندی ئەنفال تێڕوانینی خۆبەزلزانانەی ناسیۆناڵ-شۆڤینیستی عەرەب ڕوبەڕوی تاوانبار کردن دەکاتەوە. هەردەسەڵاتێکیش لە عێراقدا بییەوێت لەگەڵ گەلی کورد بژی دەبێت دەستبەرداری ئەو ئایدۆلۆژیایە بێت دەنا مەحاڵە ژیانی سیاسی جەلادو قوربانی پێکەوە. لەئاستی جیهانییش ڕەوایەتییەکی زۆر دەداتە دۆزی کورد بۆجیابوونەوەو دامەزراندی دەوڵەتی سەربەخۆی کوردستان.